**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢٤**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٤/١٠/١٥**

## بڕیاری ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠١٤

پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥ ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی دەکات لە ئیرادەی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردندا بێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**دووەم:** پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای دارایی خۆی هاوکاریی پێویست پێشکەش بە ڕۆژئاوای کوردستان بکات.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم بڕیارە

لەپێناو زیاتر پشتیوانی کردنی بەرخودانی گەلی کوردستان لە رۆژئاوا و، هاوکاری کردنی لە بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و، پاڵپشتی کردنی یەك ڕیزی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی، ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**